پیاوی قەڵەو و زل دەهێندرێت لە ڕۆژی قیامەتدا؛ لای خوای گەورە کێشی باڵە مێشوولەیەکی نییە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پیاوی قەڵەو و زل دەهێندرێت لە ڕۆژی قیامەتدا؛ لای خوای گەورە کێشی باڵە مێشوولەیەکی نییە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پیاوی خاوەن لاشەی زل و خۆبەگەورەزان لەسەر بەندەکانی خوای گەورە لە دونیادا ئەوەیە کە بە ستەمکارانە وسەرکوتکەرانە مامەڵە لە گەڵ خەڵکی دەکات بە قسەکانی وکردەوەکانی، لە ڕۆژی قیامەتدا دێت کێشی باڵە مێشوولەیەکی نیە لای خوای گەورە، وهەروەها هیچ نرخ وپلەیەکی بۆ نییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3776